# مريشك و هەڵۆ




Ann Nduku
Wiehan de Jager
Agri Afshin

kurdiska (sorani)
nivå 3



ڕۆژێک لە ڕۆژان مریشك و هەڵۆ هاوڕێی یەکتری بوون. ئەوان پێکەوە لەگەڵ باڵندەکانی دیکەدا بە ئاشتی دەژیان. هیچ کامیان نەیاندەتوانی بفڕن.



جارێکیان برسێتی رووی لە وڵات کرد. هەڵۆ دەبا مەودایەکی دووری بڕیبا بۆ ئەوەی خواردن پەیدا بکات. کاتێك گەڕایەوە زۆر ماندوو بوو، بۆیە گوتی: "دەبێ رێگایەکی ئاسانتر هەبێ بۆ گەشتکردن!"




دوای خەوێکی شەوانەی باش، مریشك بیرۆکەیەکی ژیرانەی بە مێشکیدا هات. ئەو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی پەڕە کەوتووەکانی باڵندەکانی هاوڕێی. مریشك گوتی: "وەرن با ئەو پەڕانە لە پەڕەکانی خۆمان بدروین." لەوانەیە بەو شێوە گەشتکردن ئاسانتر بێت.



له گونده‌که دا ته‌نیا هه‌ڵۆ ده‌رزی درووومانی هه‌بوو، بۆیه یه‌که‌م که‌س بوو، ده‌ستی به درومان کرد. ئه‌و جووتێك باڵی جوانی بۆ خۆی دووری و به به‌رزی هه‌وره‌کان فڕی. مریشك ده‌رزییه‌که‌ی به قه‌رز وه‌رگرت، به‌ڵام زۆر زوو ماندوو بوو له درووومانکردن. ئه‌و ده‌رزییه‌که‌ی له ناو دۆڵابه‌که دانا و ڕۆیشت بۆ ئه‌وه‌ی خواردن بۆ جوچکه‌کانی لێنێت.



بەڵام باڵندەکانی دیکە دیتیان هەڵۆ بەسەر کێڵگەکەدا دەفڕێ. ئەوان داوایان لە مریشك کرد کە دەرزییەکەیان بە قەرز بداتێ تا ئەوانیش باڵان بۆ خۆیان بدرون. خێرا باڵندەکان لە ژێر ئاسمان دەستیان بە فڕین کرد.



کاتێك کە ئاخریین باڵندە دەرزییە قەرزکراوەکەی گەڕاندەوە، مریشك لەوێ نەبوو. جوچکەکانی دەرزییەکەیان وەرگرتەوە و دەستیان کرد بە یاریکردن پێی. کاتێك ئەوان لە یاریی کردن ماندوو بوون دەرزییەکەیان لەناو خیزەکە بەجێهێشت.



دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هەڵۆ گەڕایەوە. داوای دەرزییەکەی کردەوە بۆ ئەوەی هەندێك لە باڵەکانی تووند بکاتەوە کە لە گەشتەکەیدا شل ببوونەوە. مریشك ناو دۆڵابەکە گەڕا. ئەو چێشتخانەکەش گەڕا. ئەو حەوشەکەش گەڕا. بەڵام دەرزییەکە لە هیچ شوێنێك دیار نەبوو.



مریشك لە هەڵۆ پاڕایەوە: "تەنیا ڕۆژێك دەرفەتم بدەیە. ئەوكات دەتوانی باڵەكانت چاك بكەیەوە و دووبارە خواردن بەدەست بێنیت."

هەڵۆ گوتی: "تەنیا یەك ڕۆژی دیكە. ئەگەر دەرزییەكەت نەدۆزییەوە دەبێ لە جیاتی یەكێك لە جوچكەكانم بدەی."



ڕۆژی دواتر هەڵۆ هاتەوە، بینی مریشکەکە لە ناو خیزەکە دەگەڕێ، بەڵام دەرزیەکەی نەدۆزیوەتەوە. بۆیە هەڵۆکە وەک هەورە تریشقە هاتە خوارێ و یەکێک لە جوچکەکانی فڕاند و لە کێڵگەکە دوور کەوتەوە. ئیتر لەو کاتەوە هەڵۆکە دەیبینی کە مریشکەکە خەریکی لێکدانی خیزەکەیە بۆ دۆزینەوەی دەرزییەکە.



کاتێ سێبەری باڵەکانی هەڵۆ لەسەر زەوی دەبینرێ، مریشك جوجەڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە: "لەو دەشتە دوور کەونەوە"، ئەوانیش دەڵێن: "ئێمە گەمژە نین و هەڵدێین."

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## مريشك و هەڵۆ

Skriven av: Ann Nduku
Illustrerad av: Wiehan de Jager
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 3.0 Internasjonal Lisens.